گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# حکومڕانێتی رانتی لە هەرێمی کوردستان: هۆکار و لێکەوتەکانی

**پ ی. د. بارزان جوهر صادق**
بەشی سیستمە سیاسییەکان سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
barzan.sadq@su.edu.krd

**پ. د. صالح عمر عیسى**
بەشی سیستمە سیاسییەکان سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
salih.issa@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٥/٦/١٨
پەسەندکردن: ٢٠٢٥/٨/٦
بڵاوکردنەوە:پایز٢٠٢٦

**ووشە سەرەکییەکان**
هەرێمی کوردستان،
سیستمی رانتی،
حوکمڕانێتی رانتی، قەیران،
لێکەوتەکانی رانتی

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.11.4.25

## پوختە

هەرێمی کوردستان بەپێی ستانداردەکانی دیاریکردنی وڵاتانی رانتی (الريعية-کرێخۆری)، دەچێتە ئەم چوارچێوەیە و لەماوەی بیست ساڵی رابردوو، پەیڕەوکردنی سیستمی رانتی کێشە و قەیرانی گەورەی بۆ هەرێمەکە دروستکردووە لەنێوان خەڵک و دەسەڵات لەلایەک و بۆتە هۆکاری دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی کەم بەرهەم و پشت بەستوو بەیەک سەرچاوەی سەرەکی داهات کە نەوتە لەلایەکی ترەوە. لە ئەگەری دابەزینی نرخی نەوت یان کێشەی سیاسی هەولێر و بەغدا و ئەکتەرە هەرێمییەکان لەگەڵ ئەمانە، سیستمەکە بەردەوام روبەڕووی قەیران بۆتەوە. ئەمەش وایکردووە کە خەڵک و دەسەڵاتی سیاسی لەسەردەمێکی نادڵنیایی بژین و نەتوانن بەرنامەی ستراتیژی و درێژخایەن دابڕێژن .
عێراق و هەرێمی کوردستان، چەندین ساڵە بەردەوامی بەجێبەجێکردنی بنەماکان و تایبەتمەندییەکانی سیستمی رانتی دەدەن و ساڵ بەساڵ فەرمانبەری زیاتر دەچێتە سەر بودجەی گشتی وڵات و دەزگاکانی دەوڵەت وەکو ئەوەی هەتا هەتایە داهات و بەرهەمی نەوتی بمێنێت هەڵسوکەوت

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەکەن بەبێ گرنگیدان بە هەمەجۆرکردنی بەرهەمە ئابوورییەکانی تر. هەرێمی کوردستان سەرەڕای دەستبردن بۆ ئابوورییەکی سەربەخۆ و پستبەستوو بە نەوت، زیاتر لە سی ملیار دۆلار قەرزبارە و پتر لە دە ساڵە تەنانەت نەیتوانیوە مووچەی فەرمانبەرانی بەگوێرەی یاساکان بەتەواوی دابین بکات بەبەرهەمی ناوخۆ یان وەرگرتنی داهاتی فرۆشی نەوت لە عێراق وەکو بەشە بودجە. بەمەش دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە سیستمی رانتی نەگبەتی و قەیرانی بۆ هەرێم هێناوە و پێویستە هەرێم کار بکات لەسەر گواستنەوەی ئەم سیستمە بۆ فرەجۆرکردنی بەرهەمە ئابوورییەکان و بایەخدان بە وەرگرتنی باجی تۆکمە، کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، گەشتوگوزار، وەبەرهێنان و پیشەسازی و بوارەکانی تر .

ئەم توێژینەوەیە پێناسە، چەمک و تایبەتمەندییەکانی حوکمڕانێتی رانتی دەخاتەڕوو. دواتر لێکۆڵینەوە دەکات لەسەر گرنگترین ئەو هۆکارانەی بونەتە هۆی سەرهەڵدانی سیستمەکە. ئینجا لێکەوتەکانی لەسەر کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان و سیستمە سیاسییەکەی دەستنیشان دەکات و لەکۆتاییشدا کۆمەڵێک دەرئەنجام و پێشنیار بۆ گۆڕینی سیستمەکە دەخاتەڕوو .

## 1 . پێشەکی

لەزۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو، فاکتەرێکی بەهێزی پەیمانی کۆمەڵایەتی نێوان خەڵک و دەسەڵات بریتییە لە وەرگرتنی باج و رسوم. بەهۆی ئەوەی ئەم بنەمایە لەوڵاتانی رانتی بەتەواوی جێبەجێ ناکرێت، بۆیە پەیوەندییەکی لاواز لەنێوان ئەم دوو لایەنە هەیە و هەمیشە دەسەڵات بەهۆی ئەوەی سەرپەرشتی و خاوەندارێتی فرۆشتنی سامانی سروشتی وەکو نەوت و غاز دەکات، تاک لایەنە حوکمڕانێتی دەکات و لەرێگەی ئەم داهاتەوە توانیویەتی وابەستەیی و گوێڕایەڵی خەڵک دەستەبەر بکات و لەهەمان کات لەدەسەڵات بمێنێتەوە.

بەهۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان سەرچاوەی بەهێز و سەرەکی داهاتی نیشتمانی بریتییە لەفرۆشی نەوت، بۆیە چۆتە چوارچێوەی وڵاتانی رانتی و هاوشێوەی ئەم وڵاتانە کۆمەڵێک هەنگاوی ناوە لە سیستمی سیاسی کە بەرەبەرە بۆتە هۆی کەڵەکەبوونی کێشەکان و دواتر قەیرانی دارایی و سیاسی لێ دروست بووە. ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت لە لێکەوتەکان وهۆکارەکانی دروستبوونی ئەم قەیرانە بکۆڵێتەوە. سەرەتای توێژینەوەکە دەروازەیەکە بۆ نیشاندانی پێشەکی و پرسیارەکانی توێژینەوە و گریمانە و میتۆد و گرنگی بابەتەکە. دواتر بەگرنگمان زانی ناساندنێکی کورت و پوختی چوارچێوەی تیۆریی حوکمڕانێتی رانتی و تایبەتمەندییەکانی بکەین و دیاری بخەین کە ئایا سیستمی هەرێمی کوردستان رانتییە؟ ئینجا چۆن ئەم سیستمە کاریگەری لەسەر دروستبوونی قەیرانەکان کردووە؟ بۆیە لەبەشی دواتر راستەوخۆ هاتوینەتە سەر باسی هۆکار و لێکەوتەکانی ئەم دیاردەیە لەسەر نموونەی توێژنەوەکەمان کە هەرێمی کوردستانە. لەکۆتایشدا دەرئەنجام و پێشنیارەکان خراونەتەڕوو.

## 1-1- گرنگی بابەتەکە

ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی زانستی چوارچێوەیەکی تیۆری سیستمی رانتی دەخاتەڕوو و پەیوەندی حکومڕانێتی رانتی و قەیران نیشان دەدات و دواتر دێت لە کاریگەری حکومڕانێتی رانتی لەسەر دروستبوون و گەشەسەندنی قەیرانەکان لەهەرێمی کوردستان دەکۆڵێتەوە. گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە کە هۆکارە بنەڕەتییەکان و لەگەڵ ئەوەشدا گرنگترین ئەو لێکەوتە نەرێنیانە دەخاتەڕوو کە لەدەرهاوێشەی جێبەجێکردنی ئەم جۆرە سیستمە دێتەکایەوە. دەرئەنجام و پێشنیارەکانی ئەم توێژینەوەیە دەتوانێت حکومەت و کۆمەڵگە لە هەرێمی کوردستان لە قەیرانێکی گەورە دەرباز بکات و گۆڕانکاری نوێ لە سیاسەتی حوکمدارێتی بکات کە بتوانێت لەگەڵ زیادبوونی دانیشتوان و پێشکەوتنی نوێی جیهانی خۆی بگونجێنێت.

## 2-1- پرسیارەکانی توێژینەوەکە

پرسیاری سەرەکی توێژینەکەی ئێمە ئەمەیە: هۆکار و لێکەوتەکانی حکومڕانێتی رانتی لە هەرێمی کوردستان چین؟

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پرسیاری لاوەکی: ئایا حوکمڕانێتی رانتی لەهەرێمی کوردستان تاچەند کاریگەری لەسەر گەشەسەندنی دیمۆکراسی، ئابووری و مرۆیی هەبووە؟

### 1-3- گریمانەی توێژینەوەکە

بەردەوامی سیاسەتی حکومڕانێتی رانتی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و زیادبوونی دانیشتوان و کەڵەکەبوونی کێشە و قەیرانەکان وادەکات حکومەت نەتوانێت چارەسەری کێشەکان بکات بۆیە پێویستی بە گۆڕینی سیاسەتی رانتی بۆ سیاسەتی ئیدارەدانی پێشکەوتوو هەیە.

### 1-4- میتۆدی توێژینەکە

ئەم توێژینەوەیە لەسەر بنەمای پشت بەستن بە میکانزمە زانستییەکانی میتۆدی تێکەڵاو (Mix Method) ئەنجام دەدرێت. واتە لەیەک کات زانیارییە تیورییەکان کۆدەکاتەوە و شیکاری بۆ دەکات و لەهەمان کات پشت بە بواری مەیدانی وەکو چاوپێکەوتن و کۆکردنەوەی داتاکان دەبەستێت و دواتر تێکەڵی یەکتریان دەکات بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامی زانستی و پێشکەشکردنی پێشنیار و راسپاردە بۆ لایەنی پەیوەندیدا.

## 2- چوارچێوەی تیۆریی حکومڕانێتی رانتی

### 2-1- چەمکی حکومڕانێتی رانتی

تاوەکو ئێستا لەزمانی کوردیدا زاراوەیەکی هاوشێوە یان جێگیر نیە بۆ رانتی و هەندێک جار زاراوەی (کرێخۆر) یان (بەرخۆر)ی یاخود (ئابووری موڵکانە) بەکاردێت. لەرووی زاراوەوە لەزمانی عەرەبی لەبەرامبەر رانتی (الريعى) بەکاردێت، کە مەبەست ئەوەیە رەیعی حوکمی رەعیەت دەکات و دەبێتە حاڵەتێکی باڵادەستبوونو خاوەندارێتی لەنێوان گەل و رەعیەت، حکومەت کە خاوەنی رەیعە، پاشان دەبێتە خاوەنی رەعیەتەکەیش. بەگشتی رانتی لە (Rent) وەرگیراوە کەبەمانای (کرێ) دێت، ئێمەش ئەم زاراوەمان بەکارهێناوە، چونکە دامەزرێنەرەکەی حسێن مەهداوییە کە بۆ یەکەمین جار لە ساڵی 1970 ئەم زاراوەی بەکارهێناوە و ئێستاش

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەنوسینە فارسی و ئینگلیزییەکان لەبەرامبەر پشتبەستنی دەوڵەت بە نەوت و پێکهاتەکانی وەکو سەرچاوەی سەرەکی داهات بەکاردێت (زەڵمی،2018 ، قانع، 2020، کریم، Altunisik, 2021 ,2014: 76 ).

لەفەرهەنگەکانی کامبرج، ئۆکسفۆرد، مەریەم ویبستر و کۆلنز بەمانای کەسێک یان لایەنێک دێت کە بەرهەمی یان کرێی شتێک بخوات بەبێ ئەوەی کار بکات و لەسەر خاوەنداریەتی بەرهەمێک دەژی. ئەم چەمکە بۆ ئەو دەوڵەتانە بەکاردێت کە خاوەنی سەرچاوەی سروشتی وەکو نەوت و غازن (Daneshpou, 2015: 1). ئەم چەمکە لە زانستی سیاسیدا بەو دەوڵەتانە دەگوترێت کە تیاییدا کۆمپانیاکانی دەرەوە و ناوخۆیی هەڵدەستن بە دەرهێنان و ناردنی نەوتەکەی و تەنها پشت بە سەرچاوەی ئەم سامانە سروشتییە دەبەستن بۆ داهاتی وڵاتەکەیان. ئەمە زیاتر لە نێوخۆی دەوڵەت نەتەوەکان روودەدات و نەک لە وڵاتە دیمۆکراسییەکان، لەناو ئەو سیستمانەدا کە خێزانێک یان چەند خێزانێک یاخود خێڵێک دەست بەسەر ئابووری موڵکانەدا دەگرن (کریم، 2021: 5).

بنچینەی بیرۆکەی ئابووری رانتی دەتوانین بگەڕێنینەوە بۆ ئابووری دەرەبەگایەتی کاتێک زەوی دەدرایە چەند کەسانێک کە بەروبومی لەسەر بچێنن و لەبەرامبەردا کرێی زەوییەکە بدەنە دەرەبەگ یان خاوەن زەوییەکە، واتە لێرەدا خاوەن زەوی کارناکات و تەنها لەسەر بەرهەمی زەوییەکە دەژی (نوری، 2020). کەواتە دەوڵەتی یان حکومڕانێتی رانتی، مۆدێلێکی بەڕێوەبردنە لەسەر بنەمای زیاتر پشتبەستن بە داهاتی سروشتی نەک باج. هێز و داهاتی حکومەت ئەوەندە لەخەڵکەوە نیە، ئەوەندەی بەهۆی سامانی سروشتیی وڵاتە کە دەوڵەت دەیفرۆشێ و بەئارەزووی خۆی داهاتەکەی بەکاردەهێنێتەوە. لێرەدا دەوڵەت پێویستی بە هاوڵاتی نیە، بەڵکو هاوڵاتی چاوەڕوانی وەرگرتنی پشکی خۆیەتی لەداهاتی سروشتی دەوڵەت. ئەمەش کۆمەڵگەیەکی کرێخۆری ناچالاک و پەیوەندییەکی لاوازی هاوڵاتی و حکومەت دروست دەکات.

## 2-2- دەوڵەتی ڕانتی لەروانگەی تیۆرییەوە

سەرەتای بیرۆکەی دەوڵەتی رانتی دەگەڕێتەوە بۆ بۆچوونەکانی بیرمەندی ئێرانی حوسێن مەهداوی لە حەفتاکانی سەدەی رابردوو هەروەها گرنگیدانەکانی دواتری هەردوو ئابووریناس

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

حازم بەهلەوی و جیاکومو لوسیانی لەکۆتایی هەشتاکان (Altunisik, 2014: 76, Gray, 2011: 1). دواتر لەلایەن لیزا ئەندرسۆن وەکو یەکێک لە تیۆریستە سەرەکییەکان هێنرایە نێو زانستی سیاسەت و بایەخی پێدرا (Altunisik, 2014: 76). دروشمی تیۆری رانتی بریتییە لە "نوێنەرایەتی راستەقینە بەبێ باجدان نابێت" (Herb and Lynch, 2019: 5) مەبەست ئەوەیە پەیمانی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتێکی راستەقینە و دیمۆکرات کاتێک دێتەکایەوە کە سیستمی باجدان بەهێزبێت و ئەمە وادەکات کە پەیوەندی نێوان خەڵک و نوێنەرەکانیان لەدەسەلات پتەوبێت.

کورتەی بیۆچوونەکانی ئەم تیۆرە ئاماژەیە بۆ ئەو دەوڵەتانەی کە بەرهەمهێنەری نەوتن و دەست نادەنە کۆکردنەوەی سەرچاوەکانی تری داهات لەرێگەی باج و ڕسوم و سەرچاوەکانی تر لەلایەن خەڵکەوە، بەڵکو پشت دەبەستن بەداهاتی سامانی سروشتی بۆ بەرێوەبردنی وڵات. لێرەدا دەوڵەتی رانتی بە سێ تایبەتمەندی سەرەکی دەناسرێتەوە. یەکەم، پێدانی داهاتی نەوت بە حکومەت لەجیاتی داهاتەکانی تری بازاڕ. دووەم، بەرهەمی نەوت و گرنگیەکەی لەبواری ئابووری جیهانی. سێیەم، داهاتی نەوت راستەوخۆ لەلایەن دەوڵەت وەردەگیرێت. بۆیە بەبڕوای لوسیانی، بۆئەوەی دەوڵەتێک بچێتە نێو رێنتەریزم (Rentierism) پێویستە بەلایەنی کەمەوە 40%ی داهاتەکەی لەنەوتەوە بەدەست بگات ئینجا دەچێتە پۆلێنبەندییەکەوە. لەسەر ئەو بنەمایە لایەنگرانی ئەم تیۆرە هەریەک لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقای وەکو عێراق، سعودیە، قەتەر، کوەیت، عومان، ئیماڕاتی عەرەبی، لیبیا، یەمەن، جەزائیر دەخەنە ریزی وڵاتانی رانتی (Altunisik, 2014: 76-77). بەو پێیەی کە هەرێمی کوردستان زیاتر لە رێژەی داهاتەکەی بەهۆی نەوتەوەیە، بۆیە هەرێمی کوردستانیش دەچێتە نێو ئەو پۆلێنبەندییە، چونکە وەکو لە گۆڤاری فەرن پەلسی هاتووە کە داهاتی هەرێمی کوردستان هەتا وەستانی نەوتەکەی لە مارچی ٢٠٢٣، زیاتر لە 80%ی لە رێگەی داهاتی نەوتەوە بووە (Gurbuz, 2023) و ئێستاش بۆ داهاتەکەی پشت بە بەرهەمی نەوتی دەبەستێت ئینجا چ ئەو نەوت و غازەی لەناوخۆ بۆ دەرەوە دەفرۆشرێ، یان ئەو داهاتەی کە حکومەتی عێراقی لەنەوتەوە دەستی دەکەوێت بۆ هەرێمی کوردستانی دەنێرێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 3-2- تایبەتمەندییەکانی حکومڕانێتی رانتی

ئەم مۆدێلەی حکومڕانێتی خاوەن چەند رەهەند و تایبەتمەندییەکە وەک (Gray, 2011:5-8، زەڵمی، 2018، کریم، 2021: 7-8، نوری،2020 ، Daneshpour, 2015:2):

1- زۆربەیان خاوەن سیستمێکی نادیمۆکراسین. بەهۆی سەرچاوەی داهاتی نەوتەوە کۆنترۆڵی ئازادی تاک و کۆمەڵگە دەکەن و رووبەڕووی هەموو فشارێک دەبنەوە بۆ چاکسازی و گۆڕانکاریی. واتە داهاتی نەوت بەکاردەهێنن بۆ رازیکردن و دامرکاندنەوەی دەنگی ناڕازی خەڵک.

2- لەم کۆمەڵگایانەدا بازاڕی ئازاد بوونی نیە یان زۆر لاوازە.

3- گرنگی بە مۆدێل و سیاسەتی ئابووری پێشکەوتوو نادەن.

4- کۆمەڵگایەکی بەکاربەرە نەک بەرهەمهێن و پشت دەبەستێت بە بازاڕی دەرەوە.

5- بەشێکی زۆریان ئەم داهاتە بەکاردەهێنن بۆ سیاسەتی ناسیونالیستی.

6- ئابووری ئەم وڵاتانە پشت دەبەستێت بەو داهاتەی لەدەرەوە وەکو کرێ دەستی دەکەوێت و لەناوخۆ بەرهەمی لاوازە.

7- وشکبوونی سەرچاوەکانی دیکە و بێ بەهابوونی شتومەکی ناوخۆیی.

8- زیادبوونی گەندەڵی و دیکتاتۆری و بێباکی حکومەت لە هاوڵاتیان. چونکە لێرەدا خەڵک کارناکات و بۆ خەرجی چاوی لەدەستی حکومەتە و حکومەتیش کاتێک پارەی پێدەدات کە بێدەنگ بێت و چاوپۆشی لە گەندەڵی و کەموکوڕی دەسەڵات بکات. لێرەوە دکتاتۆریەت و گەندەڵی و تاکڕەوی دەست پێدەکات.

9- گروپێکی کەم، کرێی سەرچاوە سروشتییەکە وەردەگرن و زۆربەی خەڵکەکەی بەکاربەرن.

10- زۆربەی ئەو فەرمانبەرانەی کە لە دەوڵەت دادەمەزرێن بەرهەمیان نیە و دەزگاکان پێویستیان نیە و ئەمانەش "بێکاری شاراوە" دروست دەکەن.

## 4-2- پەیڕەوکردنی حوکمڕانێتی لە هەرێمی کوردستان

دەبێ سەرەتا بپرسین چۆن بیسەلمێنین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئابوورییەکەی حکومەتێکی رانتی و ئابوورییەکی موڵکانەیە؟ بیروبۆچوونی جیا جیا لەسەر ئابووری هەرێمی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کوردستان هەیە. بەبڕوای د. سەردار عزیز "ئابووری هەرێم سۆشیالیستیە و ئابوری کرێخۆریش جۆرێکە لەئابوری سۆشیالیزمی و حکومەت خاوەنی هەموو داهاتەکانە، زۆرینەی خەڵک بۆ حکومەت کار دەکەن، هەروەها ئامانجی سەرەکی ئابوری لای خەڵکی ئەوەیە کە حکومەت هەموو پێداویستییەکانیان بۆ دابین بکات. بەمەش سیستەمی کرێخۆری بیرۆکراتیەتێکی سەقەت بەرهەم دەهێنێت"(عزیز، 2020). بەشێکی تر بە ئابووری سەرمایەداری دەیچوێنن، بەڵام لەناو ئابووری سەرمایەداریش، د. ڕێباز محمد چوارچێوەیەکی جیاوازی بۆ هەرێم دیاری کردووە کە ئەویش سیستمی ئابووری سەرمایەداریی بەش بەشییە کە لە ئینگلیزی (Crony Capitalism)ی بۆ بەکاردێت واتە سیستمێکی ئابووری کە تیایدا پەیوەندی نزیک و بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوان بازرگانەکان و بەرپرسانی حکومەتدا هەیە (محمد، 2022).

گومان لەوەدانیە کە دەوڵەتی عێراق بەهۆی ئەوەی کە ئابوورییەکەی بەرێژەیەکی یەکجار بەرز پشت دەبەستێت بە داهاتی نەوت بۆیە دەوڵەتێکی رانتیە و لەناو جۆرەکانی رانتیش، عێراق دەناسێنرێت بە "رانتی نەوتی" چونکە 95%ی داهاتەکەی لەسەر نەوتە و پشت بە سیستمی باج نابەستێت بۆ داهاتەکەی و بەشێوەی نزیک لە رەهایی پشت دەبەستێت بە هاوردەکردنی کەلوپەل لەدەرەوە بەهۆی لاوازی بەرهەمی ناوخۆ (بڕوانە الربیعی، 2019)، هەرێمی کوردستانیش کە خاوەنی نەوت و غازێکی زۆرە و پشت بەداهاتی ئەم سەرچاوە سروشیانە دەبەستێت و لەلایەن کۆمپانیای بیانی نەوتەکە دەردەهێنرێت و بەگوێرەی ڕاپۆرتی دیلۆیت زیاتر لە نیوەی داهاتەکەی بۆ کۆمپانیاکان دەچوو لەم چەند ساڵەی رابردوو (ڕاپۆرتی کۆمپانیای دیلۆیت، 2021) و دواتر ئەو پارەی بەکاش وەریدەگرتەوە دەیدایە وەزارەتی دارایی و ئەویش بەسەر دامەزراوە فەرمییەکان و فەرمانبەران دابەشی دەکرد لەگەڵ ئەو پارەی لە بەغداوە دەهات کە ئەویش هەر داهاتی نەوت بوو، بۆیە هەرێم پەیرەوی ئابووری مۆڵکانە و سیاسەتی رانتی دەکات (بڕوانە کریم 2021). لە یاسای بودجەی سێ ساڵەی عێراقیش (2023-2025) پشکی هەرێمی کوردستان دیاریکرا کە دیسانەوە بەپشت بەستن بە نرخ و داهاتی نەوتی عێراق و هەرێمی کوردستان بوو کە ئەمەش قەیرانی سیستمە کە بەردەوام دەکات.

پەیوەندیی و وابەستەیی بەهێز لەنێوان هەردوو دیارەی قەیرانەکان و حکومڕانێتی رانتی هەیە. بۆ نموونە یەکێک لە کاریگەرییە نەرێنییە ئابوورییەکانی بریتییە لەوەی کە ئەم دەوڵەتە ناتوانێت

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەرووی ئابووری و بەتایبەت بەرهەمی ناوخۆ پێش بکەوێت و داهاتی نەوتی ناتوانێت یەکانگیری دروست بکات بۆ ئەوەی بەرهەمی ناوخۆ پەرەپێبدات (Altunisik, 2014: 77). بۆیە هەندێک جار لەبەرامبەر حوکمڕانێتی رانتی نەخۆشی هۆڵەندیش بەکاردێت کە ئاماژەیە بۆ سەرەتای دۆزینەوەی نەوت و پێکهاتەکانی لەلایەن هۆڵەندا لە حەفتاکانی سەدەی رابردوو کاتێک ئەم وڵاتە تەنها پشتی بەست بەم سەرچاوە سروشتیانە و کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی پشت گوێ خست (زەڵمی،2018 ، کریم، 2021). ئەمە ئێستا تا رادەیەک گۆڕانکاری تێدا کراوە، بۆ نموونە سعودیە و ئیماراتی عەرەبی هەنگاوی زۆریان ناوە بۆ خۆ ڕزگارکردن لە مۆدێلی رانتی و پشت بەستن بە سەرچاوەی تری داهاتی ناوخۆی جگە لەنەوت. لەهەمان کات، مەرج نیە ئەگەر دەوڵەت داهاتی نەوت و سەرچاوەی سروشتی هەبوو بە دەوڵەتی رانتی دابنرێت، بۆ نموونە کەنەدا و نەرویج داهاتێکی زۆری نەوتیان هەیە، بەڵام بەهۆی پێشکەوتوویی کەرتەکانی پیشەسازی، کشتوکاڵ و باج و کەرتەکانی تری دەرەوەی نەوتی (نوری، 2020) و تێکەڵنەکردنی داهاتی نەوت بەم داهاتانە یان پشت نەبەستن بە داهاتی نەوت لەجیاتی کەرتەکانی تر، ئەم دەوڵەتانە ناچنە چوارچێوەی رانتی. دواتر هەرچەند کاریگەرییە نەرێنییە سیاسییەکانی زیاترە بەبڕوای شارەزایانی ئەم بوارە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ ئەو راستیەش بگوترێت کە هەندێکجار ئەم هاوکێشەیە پێچەوانەش دەبێتەوە، بۆ نموونە لەکاتی هەندێک قەیرانی جیهانیی، وڵاتانی رانتی لەبەرئەوەی خاوەن پاشەکەوت و داهاتی زۆرن، دەتوانن زیاتر سیستمە سیاسییەکانیان بەخۆڕاگری بهێڵنەوە، ئەمە جگە لەوەی وەکو لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا بەشێکی ئەو داهاتە دەخەنە خزمەت وەبەهێنان و پێشکەوتنی وڵاتەکە، بەمەش مەترسی لەسەر وڵات کەمتر دەبێـتەوە. واتە مەرج نیە کە سیستمی رانتی هەموو کات قەیران خوڵقێن بێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵێک هۆکار رۆڵیان هەیە لەسەر دروستبوونی ئەم سیستمە و دواتر لێکەوتە خراپەکانی لەسەر خەڵک و سیستمی سیاسی وڵاتەکە دەردەکەوێت وەکو لەخوارەوە خراوەتەڕوو.

## 3- هۆکار و لێکەوتەکانی حکومڕانێتی رانتی لە هەرێمی کوردستان

### 3-1- دروستبوونی حزب حکومەت

لەبەرئەوەی هەردوو پارتی دەسەڵاتداری هەرێمی کوردستان (پارتی و یەکێتی) چەندین ساڵ پێش دامەزراوە فەرمییەکان رەگیان لە کۆمەڵگەدا داکوتاوە و هەژموونیان دروستکردووە، بۆیە جۆرێک لە سیستمی حزب حکومەت دروست بووە کە دەسەڵاتە فەرمییەکان ناتوانن بەر لە سیاسەتی بەرژەوەندی تایبەتی ئەم حزبانە و بەرپرسەکانیان بگرن. سەبارەت بە داهاتی نەوت، هەتا ئێستا دامەزراوەکان نازانن داهاتەکەی چەندە و چۆن خەرج دەکرێت لەبەر کاریگەری و دەستوەردانی ئەم حزبانە. هەندێک کات لەبەر بەرژەوەندی و سیاسەتی تایبەتی حزبەکان و سەرکردەکان، ئەم حزبانە وەکو حکومەت بڕیار دەردەکەن و تەنانەت بەئاشکرا باس لە پێدانی موچە و دەرماڵەو دابینکردنی پێداویستی قوتابیان و خەڵک دەکەن بۆ هەندێک چین لەبەر ئەوەی کە بەڵێنیان پێداون لەبەرامبەر راگرتنی خۆپێشاندان و پشێوی لەناوچەکەی حکومڕانێتی ئەوان، وەکو بەڵێندانی هاوسەرۆکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگاکان کە ئەگەر حکومەت دەرماڵەی پێیان نەدا، ئەوا ئەو وەکو سەرۆکی حزب دەیانداتێ یان دابینکردنی هێڵی ئینتەرنێت و پاس و چەندین خزمەتگوزاری لەسەر ئەستۆی حزبەکەی بۆ زانکۆی حکومیی (ئەحمەد، 2021). بەگشتی، ساڵ بەساڵ لەجیاتی هەنگاوی زیاتری بەدامەزراوەییکردن و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی حزبەکان لەناو دامەزراوە فەرمییەکان و سەربەخۆیی نێردراوەکانیان بۆ پۆستەکان لە حوکمڕانێتی، بەڵام تادێت حزبەکان زیاتر خۆیان بەخاوەن داهات و باج و گومرگ و سامانی سروشتی و بڕیارەکانی حکومەت دەکەن و بەمەش کۆمەڵگەیەکی تەواو حزب حکومەت دروست بووە.

### 3-2- شکستی حکومەت لە سیاسەتی ئاسایشی وزە

خستنەڕووی سیاسەتی وزەی هەرێم کێشە و قەیرانی گەورەی بۆ خەڵک و سیستمی سیاسی دروستکرد لەدوای ساڵی 2014ەوە. بەشێوەک خرایەڕوو کە هەرێم دەتوانێ رۆژانە یەک ملیۆن بەرمیل نەوت هەناردە بکات و ئابوورییەکی سەربەخۆ و خۆشگوزەرانیەکی ناوازە بۆ خەڵکی هەرێم بێنێتەکایەوە. بەڵام هەرێم نە ئەو برە نەوت و غازە یەدەگەی هەبوو (کەبەپێی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕاپۆرتەکانی وزەی ئەمریکا و ریستاد ئێنێرجی نەرویجی تەنها سێ ملیار و حەفت سەد ملیۆن بەرمیلی هەیە نەک 45 ملیار) نە توانی لەچوارچێوەیەکی یاسایی و حوکمڕانێتییەکی باش ئیدارەی ئاسایشی وزە بدات (بۆ نموونە نەیتوانی کۆمپانیای کوردستان بۆ دەرهێنان و بەبازاڕکردن بەگوێرەی یاسای نەوت و غازی 2007و سندوقی داهاتە نەوتی و غازییەکان بەگوێرەی یاسای پەرلەمانی کوردستان لە 2015 دابمەزرێنێ) (عبدالله، 2025: 37-45). هەروەها حکومەت شکستی خوارد لە دابینکردنی ئاسایشی ڕێڕەوی ناردنی وزە کە تەنها لەڕێگای تورکیا بوو، دواتر ئەمەش لەڕێگای دادگاوە وەستێنرا (Shahab, 2025). بۆیە یەکێک لەلێکەوتەکانی ئەم سیاسەتی ڕانتییە دروستبوونی کێشەی گەورەبوو لەنێوان هەولێر و بەغدا لەلایەک و لەنێوان هەرێم لەگەڵ ئێران و تورکیا لەگەڵ عێراق لەلایەکی ترەوە.

### 3-3 - سەرهەڵدانی کۆمەڵگەیەکی مووچەخۆر

بەگوێرەی پێورە نێودەوڵەتییەکان بۆ بودجە، نابێت ژمارەی فەرمانبەرانی حکومیی و کەرتی گشتی لە 1% زیاتر تێپەڕبکات، بۆ نموونە سەیری وڵاتی چین، هیندستان و ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەین دەبینین ئەم وڵاتە پێشکەوتووانە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەراورد ناکرێن، کەچی ڕێژەیی فەرمانبەرانی حکومییان زۆر کەمە. لە ئەمریکا کە دانیشتوانەکەی 328 ملیۆن کەسە، ڕێژەی فەرمانبەرانی حکومیی تەنها (0.7%)ە، فەرەنساش کە زیاتر لە 66 ملیۆن کەسە تەنها نیو ملیۆن فەرمانبەری حکومیی هەیە کە بەهەمان شێوەی ئەمریکا دەکاتە (0.7%)ی دانیشتوانەکەی (سوبحی، 2020: 145-146). بەپێچەوانەوە لەهەرێمی کوردستان لەبەراوردی ڕێژەی دانیشتوان و ڕێژەی موچەخۆرانی بۆمان دەردەکەوێت کە نزیکەی چواریەکی دانیشتوان دەکات و ئەمەش بەچەندین قات لە پێوەری نێودەوڵەتی زیاترە، بۆیە سیستمی ڕانتی کۆمەڵگەیەکی موچەخۆری بەرهەم هێناوە.

بەپێی نوسراوی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سیستمی بایۆمەتری تاوەکو ساڵی 2020، کە بەهێزترین ئامرازی زانین و ئاشکراکردنی ڕێژەی فەرمانبەران و جۆری کارەکانیانە، حکومەت موچەی (710.282) فەرمانبەری مەدەنی و سەربازی، هەروەها (251.575) خانەنشین و (98.889) کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و (159.176) چاودێری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵایەتی دەدا کە کۆی گشتی دەکاتە (1.219.922) موچەخۆر (حکومەتی هەرێمی کوردستان، 2020). بەمەش دەبێت هەرێمی کوردستان مانگانە تەنیا بۆ خەرجی موچە بڕی (930 ملیار) دینار بداتە کۆی گشتی موچەخۆران لە چینە جیاوازەکان کە لەسەرەوە جیامانکردۆتەوە، هەروەها بۆ خەرجی بەکارخستنیش بڕی (120 ملیار) دینار خەرج بکات. ئەمە بەردەوام لەزیادبوون بووە و بەتێکڕا کۆی خەرجی مانگانەی حکومەتی هەرێم بە (موچەو بەکارخستنو وەبەرهێنانو کارەباو خزمەتگوزارییەکانی ترەوە) بڕەکەی (ترلیۆنێكو 150 ملیار) دینار بووە بەپێی راگەیەندراوی حکومەت بۆ خەرجیو داهاتەکان لە مانگی ئایاری 2022دا (درەو-1، 2023). کەواتە داهاتەکانی هەرێمی کوردستان بەمشێوەیەن: داهاتی نەوت بەهۆی راوەستانی هەناردەی نەوتەوە داهاتی نەوتی نەماوە، لەبری ئەمە حکومەتی فیدراڵ تاوەکو ساڵی 2023 بڕی (400 ملیار) دیناری و هەندێک جار کەمتر یان هەر نەیناردووە، داهاتی ناوخۆ: مانگانە نزیکەی (250 ملیار) دینار بوو. هاوپەیمانان مانگانە بڕی (31 ملیار) دینار وەکو هاوکاری بە حکومەتی هەرێم دەدەن (درەو-1، 2023). لەدوای جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگای فیدڕاڵی عێراقەوە، ناردنی پارەکە گۆڕاوە و لەسەر بنەمای یاسای بودجەی سێ ساڵە (2023-2025)حکومەتی هەرێم نزیکەی ترلیۆنێک دیناری مانگانە لە داهاتی نەوتی عێراقی بۆ دێت و ئەمەش کۆمەڵگایەکی مووچەخۆری مەترسیداری دروستکردووە کە ژیانی تاکەکان و بنەماڵەکان تەنانەت چارەنوسی حکومەتیشی بەستۆتەوە بە داهاتی نەوت و دواتر دابەشکردنی بۆ مووچە.

### 4-3 - گەشەنەکردنی ئابووری

بەبڕوای جۆن گلیپ لە زانکۆی ئۆکسفۆرد، زۆربەی وڵاتانی رانتی بەدەست خراپی ئابووری و گەشەنەکردنی بوارە ئابوورییەکان و گرانبوونی نرخ، هاڵاوسان، بێکاری و ناسەقامگیری داهات و پشتبەستن بە بازاڕی دەرەکی دەناڵێنن (کریم، 2021: 18-19). بەسەرنجدان لە بڕی داهات و خەرجی لەهەرێمی کوردستان، بۆمان بەدەردەکەوێت کە لەماوەی 23 ساڵی رابردوودا هەردەم خەرجی لە داهات زیاتر بووە. لەساڵانی 2018 و 2019 دا داهاتە نانەوتییەکانی هەرێم کوردستان لە رێژەی 18% تێپەڕنەبووە و داهاتی نەوت 46% و پشکی هەرێم لە بودجەی عێراق کەئەویش هەر بەهۆی فرۆشی نەوتەوە بووە بریتیبووە لە 34% لەگەڵ 2%ی هاوکاری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هاوپەیمانان بۆ موچەی پێشمەرگە (احمد، 2021: 93). کەواتە گەورەترین کێشەی گەشەنەکردنی ئابووری هەرێمی کوردستان پەیوەستە بەکەمی بەرهەمی ناوخۆیی بەهۆی پشکی بەشداری نەوت کە مەبەست داهاتی نەوتی خاوی هەرێم و پشکی بودجەی هەرێمە لەنەوتی عێراق. ئەمە جگە لەوەی کە رێژەی بەشداری لە سێکتەری نەوت نزیکەی 50%ی کۆبەرهەمی ناوخۆیی هەرێم پێکدێنێت (احمد، 2021: 96).

لەهەرێم و عێراق و هەندێک وڵاتانی تری نەوتی، بەهۆی نەبوونی گەشەی پیشەسازی و لەبەرامبەریشدا بەرزبوونەوەی داهاتی تاکەکەس بەهۆی پشکی نەوت، ئەمە وادەکات کە خواست لەسەر خزمەتگوزاری هاوردە زیاد بکات و بەرهەمی ناوخۆ کەمبێتەوە وەکو ئەوەی بە نەخۆشی هۆڵەندی چوێنراوە وەکو پێشتر لەسەرەوە باسمان کردووە، لەگەڵ ئەمەشدا، هەرێمی کوردستان سەرەڕای کەمی دانشتوانەکەی و دامەزراوەکانی، تاوەکو ساڵی 2021 کۆی قەرزەکانی گەیشتۆتە (31637) ملیۆن دۆلار (احمد، 2021: 96-98). وەکو لە هێڵکاری ژمارە (1) دەردەکەوێت، بەهۆی سیستمی رانتیەوە لەهەرێمی کوردستان حکومەت بەشی زۆری بودجە و داهات بۆ موچە تەرخان دەکات و ئەمەش وادەکات کە کەرتی تایبەت و سێکتەری نانەوتی و بەرهەمی ناوخۆ بۆ پێشبڕکێ لەگەڵ بەرهەمی بیانی و هەلی کار و پارەدارکردنی بودجەی گشتی زۆر لاوازبێت. دەرهاوێشتەی ئەم هاوکێشەی سەرەوە ئەوەیە کە کولتووری پشت بەستن بە حکومەت زیاد دەکات بۆ دەستکەوتنی کار و داهات و پارە لەهەمان کات خەڵک و حکومەت پشت بە هاوردە دەبەستن بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی ناوخۆ (بڕوانە هێڵکاری ژمارە ١). ئەمەش گورزی گەورە لە گەشەی ئابووری دەدات.

(هێڵکاری ژمارە 1، سوڕی داخراوی بەڕێوەبردنی رانتی) (سەرچاوە، احمد، 2021: 103).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




## 5-3 - گەشەنەکردنی دیموکراسی

نوسەری ئەمریکی (مایکڵ رۆس) نوسەری کتێبی (نەفرەتی نەوت) پێی وایە نەوت و دیموکراسی پەیوەندییەکی پێچەوانەیان هەیە و دەڵێت: زۆرێک لەو وڵاتانەی نەوتیان زۆرە ڕەنگە بە دەست کۆمپانیا نەوتییەکان یان حکومەتەکانی خۆیانەوە بناڵێنن. نەوت خەزێنەی حکومەتی ناوەندیی پڕ دەکات، ئەگەر میکانیزمێکی تۆکمەی بەرزەفتکاری نەبێت ئەوا بە دڵی خۆی ئەو پارەیە تەخشان و پەخشان دەکات، لەوانەیە دەرامەتەکە بخاتە خزمەتی شەڕەوە یان لە هیچ و خۆڕا لە گەندەڵیدا بفەوتێت. بەبڕوای رۆس، ئەو دەوڵەتانەی نەوتییان هەیە و ئێستا دیموکراتین، پێش دۆزینەوەی نەوت حکومەت بە جۆرێک لە جۆرەکان پێشینەی دیموکراسی هەبووە، کە نەرویژ و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دوو نموونەی زیندوون (کامەران، 2024).

حوکمڕانێتی رانتی دەسەڵات بەرەو چەقبەستوویی و زۆرداری دەبات و جێبەجێکردنی بنەماکانی لیبڕالی و دیموکراسی ئەستەم دەبێت. بەشێک لە توێژەران ئەمە دەبەستنەوە بۆ ئەو پەیوەندییە بەهێزەی لەنێوان رەوایەتی سیاسی و وەرگرتنی باجدا هەیە لە سیستمە دیموکراسییەکان. واتە هەرچەندی سیستمی باج بەهێزتر بێت، بەشداری سیاسی و رەوایەتی زیاتر دەبێت کە ئەمە لە وڵاتانی رانتی پێچەوانەیە. زیاتریش لەمە، پێیان وایە کە هاوسەنگی نیە لە لایەنەکانی پەیمانی کۆمەڵایەتی لەم وڵاتانە (Altunisik, 2014: 89، کریم، 2021: 11-

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

12). بەهەمان شێوە، کۆمەڵێک توێژەر لە دووتوێیی کتێبی (النفط والاستبداد- الاقتصاد السياسي للدولة الريعية) بەو ئەنجامە گەیشتوون کە "نەوت و دیموکراسی دژی یەکن و بەیەکەوە لەیەک شوێن کۆنابنەوە یا ناگونجێن". بەهۆی ئەو داهاتەی زۆرەی نەوت، حکومەت و پارتە سیاسییەکان دەبنە خاوەن هێزی سەربازی و ئاسایشی بەهێز و فراوان کە دەتوانن کۆمەڵگە ناچار بکەن گوێڕایەڵ بێت و بەمەش خەڵک دەبێتە پاشکۆی دەسەڵات و لەبەرئەنجامی ئەمەش پرۆسەی دیمۆکراسی لاواز دەبێت (عومەر، 2020).

بەسەرنجدان لەم خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت عێراق کە هەرێمی کوردستانیش بەشێکە لەو وڵاتەو و بەشێکی زۆری وڵاتانی هەناردەکاری نەوت بارودۆخی دیمۆکراسیان خراپە. عێراق لەبواری دیمۆکراسی لەئاستی ناوەندە (4.1)، بەڵام لەبواری بەکاربردنی نەوت چ وەکو ناوخۆ و چی وەکو خەرجیی وڵات پلەیەکی بەرزی هەیە (بڕوانە خشتەی ژمارە1)) (Krane, 2019: 22). پێش هەناردەکردنی نەوت، بارودۆخی دیمۆکراسی لەهەرێمی کوردستان تاڕادەیەکی زۆر باشتر بوو.

خشتەی ژمارە (1) ئاستی دیمۆکراسی و خواست لەسەر نەوت. سەرچاوە (Krane, 2019: 22).

| | خواست لەسەر نەوت بۆ هەر تاکێک (بەرمیل نەوت) | ئاستی دیموکراسی (1 بۆ 8) نزم بۆ بەرز |
|---|---|---|
| OECD avg. | 13.3 | 7.2 |
| World avg. | 4.7 | 5.5 |
| Libya | 16.3 | 4.8 |
| Iraq | 9.3 | 4.1 |
| Algeria | 4.0 | 3.8 |
| Kuwait | 47.4 | 3.8 |
| Oman | 14.7 | 3.3 |
| Qatar | 35.3 | 3.2 |
| Bahrain | 16.5 | 2.9 |
| UAE | 30.0 | 2.5 |
| Iran | 9.7 | 2.0 |
| Saudi Arabia | 35.8 | 1.8 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 3-6- پشت بەستن بە یەک سەرچاوەی داهات

دەتوانین سەرچاوەکانی داهاتی هەرێمی کوردستان لەسەرەتای دامەزراندنیەوە (1992) هەتاوەکو (2023) دابەشی چوار قۆناغی سەرەکی بکەین. حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەردەمی دامەزراندنی (1992) هەتا ساڵێک دوای داگیرکاری عێراق و گۆڕینی سیستمەکەی (2004) زیاتر لە 82.5%ی داهاتەکەی لە گومرگەکان بوو و تەنها 17.5% داهاتی باجی ناوخۆ بووە. لەساڵی 2005 هەتاوەکو ساڵی 2013 هەرێمی کوردستان پارەی لەبەغدا بۆ هاتووە لەگەڵ ئەوەی بەرهەمی گومرگەکانی وەرگرتوو، لەم ساڵانەدا 96%ی داهاتەکەی لەسەر فرۆشی نەوتی عێراق و تەنها 4%ی داهاتی ناوخۆی هەبووە. لە قۆناغی سێیەم کە دەکاتە نێوانی (2014-2017) واتە سەردەمی بڕینی پشکی هەرێم لە بودجە و پاڵپشتی عێراق و جەنگی داعش، لێرەدا هەرێم پشتی بە داهاتی فرۆشی نەوت و قەرز بەست، لێرەدا زیاتر لە 75%ی داهاتی حکومەتی هەرێم لەسەر نەوت بووە، بۆیە دەستی برد بۆ پاشەکەوتکردنی موچە و سیاسەتی سکگوشین(تقشف). لەقۆناغی چوارەمدا کەدەکاتە دوای ریفراندۆم (2017) هەرێم بۆ حوکمڕانێتی پشتی بە ناردنە دەرەوەی نەوت و کانزای ناوخۆ بەست. هەروەها پاڵپشتیەکی کەمی ناردنی دارایی عێراق کە لە 317 ملیار دینارەوە دەستی پێکرد و دواتر پتر لە 400 ملیار و دواجاریش هاتە خوارەوە بۆ 200 ملیار لەماوەی ساڵی 2021-2023، لەساڵی 2018 و 2019دا داهاتی فرۆشی نەوتی ناوخۆ 46%بووەو پشکی هەرێم لە بودجەی عێراق 34% و 2%یش هاوکاری هاوپەیمانان بوو لەگەڵ 18%ی داهاتی ناوخۆ (گوڵپی، 2020: 44-45)، بەڵام بەهۆی بڕیاری وەستاندنی ناردنە دەرەوەی نەوت و بڕیاری دادگای فیدڕاڵی، حکومەتی عێراق دوای ساڵی 2024ەوە مانگانە نزیکەی ترلیۆنێک دیناری ناردووە بۆ هەرێم. لەهەر چوار قۆناغەکەدا داهات و سەرچاوەی دارایی هەرێم لاسەنگ بووە و هەرگیز داهاتی بەروبومی ناوخۆ، پیشەسازی و کشتوکاڵ و کەرتەکانیتر پتر نەبووە یان نزیک نەبۆتەوە لە داهاتی نەوت و گومرگ و ئەو داهاتەی لەبەغدا هاتووە.

لەپوختەی ئەم قۆناغبەندییەی سەرەوەو بەسەرنجدان لەم وێنەی خوارەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بەرزترین ڕێژەی پشتبەستنی هەرێم بە داهاتی نەوتی لەماوەی دوای داگیرکاری عێراق لەدوای ساڵی 2003 هەتا بڕینی بودجەی هەرێم لەلایەن بەغداوە بووە. دواتر هەرچەندە هەرێم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەوڵیداوە رێژەکە کەمبکاتەوە، بەڵام دیسانەوە لەدوای ساڵانی 2018ەوە سیاسەتی پشت بەستن بە داهاتی تری نانەوتی شکست دێنێت و سیاسەتی رانتی بەردەوام دەبێت. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە سەرەڕای هەندێک هەوڵی زۆری چاکسازی و بەرنامە و پلانەکان، هەرێمی کوردستان تاوەکو ئێستاش هەر پەیڕەوی سیستمی رانتی دەکات و نەیتوانیوە خۆی دەرباز بکات بۆیە هەتا دێت قەیرانەکان زیاتر کەڵەکە دەبن.

(سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەران)




لەلایەکی ترەوە، یەکێک لە قەیرانە گەورەکانی رووبەڕووی وڵاتانی رانتی دەبێتەوە بریتییە لە بەرزی و نزمی نرخی نەوت. ئەمە بەردەوام بوونی هەیە لە مێژووی ئەم وڵاتانە و تاوەکو ئێستا چارەسەر نەکراوە. بۆنموونە لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو هەتاوەکو کۆتایی نەوەدەکان وڵاتانی رانتی بەدەستی کەمبوونەوەی نرخی نەوت دەیانناڵاند و رووبەڕووی قەیرانی ئابووری و رەوایەتی بوونەوە (Altunisik, 2014: 81). ئەمە بەدیاریکراوی لەسەردەمی هێرشی داعش بۆ هەرێمی کوردستان دەستی پێکرد راستەوخۆش نرخی نەوت لە سەرووی 115دۆلاری ئەمریکییەوە دابەزی بۆ 26 دۆلار لە ساڵی 2016 (Reuters, 2017). دۆخەکە زۆر خراپتر بوو بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کۆڕۆنا و نرخی نەوت هاتە سەر سفر (Ambrose, 2020) بەهۆی راوەستانی کارگە و کۆمپانیا و هێڵەکانی گواستنەوە و بوارەکانی تری پیشەسازی و کشوکاڵی و ...هتد. لەلایەکی ترەوە، ناهاوسەنگی نرخی نەوت و پەیوەست بوونی بە گۆڕاوە سیاسییەکان وایکردووە کە هەمیشە دۆخی ئابووری هەرێمی کوردستان سەقامگیر نەبێت،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەمەش بە ئاشکرا لە نێوان ساڵی 2014ەوە تاوەکو ئێستاش بەردەوامە بەهۆی بڕانی پشکی هەرێم لەداهاتی نەوتی عێراق (احمد، 2021: 93-94).

لەمانە پتریش، یەکێک لەهۆکارەکانی سەرکەوتوونەبوونی ئابووری رانتی ئەوەیە کە لەبەرئەوەی نەوت بزوێنەری ئابووری جیهانە بۆیە هەموو دەوڵەتان و کۆمپانیاکانی کڕیاری نەوت دەستی تێدەخەن و نایانەوێت نرخەکەی بەرزبێتەوە، چونکە ئەم دەوڵەتە پیشەسازییانە پێویستی سەرەکییان لەسەر نەوتە بۆ وەبەرهێنان بۆیە لەبەرژەوەندی ئەوانە کە هەمیشە نەوت نرخەکەی نزم یان جێگیر بێت (کریم، 2021: 4). ئەمەش یەکێک لەهۆکارە سەرەکییەکان بووە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە کە بودجە رەوانەی پەرلەمان بکات لەساڵی 2013 تاوەکو نووسینی ئەم توێژینەوەیە.

## 7-3- پێویست نەبوونی حکومەتی رانتی بە باج

بەلای توێژەرانی ئەم بوارە لەبەر ئەوەی دەوڵەت پێویستی بە وەرگرتنی باج نیە و پشت دەبەستێت بە سەرچاوەی داهاتی نەوت، بۆیە پەیوەندی دەوڵەت و کۆمەڵگە لاواز دەبێت، چونکە دەوڵەت بەهۆی ئەوەی ئابوورییەکەی لەسەر نەوتە و ئەم داهاتەش راستەوخۆ دێتە دەستی دەوڵەت بەبێ خەڵک، لێرەدا دەوڵەت رۆڵێکی ناوەندی دەگێڕێت و پێویستی بە کۆمەڵگە نیە (Altunisik, 2014: 77-78). داهات و خۆشگوزەرانی پەیوەست نیە بە کارەوە، بۆیە زۆربەی خەڵک کارناکەن و بەرهەمیان نیە و ئەوانیش دەگەڕێن بەدوای داهاتی ئەو نەوتەوە بۆیە لەم کۆمەڵگایانە، چینەکان بە هاوسەنگی دابەش نەبوون و بەشێوەیەکی گشتی کۆدەبنەوە لەدەوری خێڵ و عەشیرەت و رەگەز و بنەچە و بیروباوەڕی ئایین و مەزهەبێکی دیاریکراو (Altunisik, 2014: 78). بەهۆی ئەم هۆکارەی سەرەوە، لەئێستادا کۆمەڵگەی باشووری کوردستان بەرەو بۆشاییی گەورە لەنێوان دوو چین دەڕوا، ئەوانیش چینی سەرەوەو چینی خوارەوەن (دەوڵەمەند و هەژاران)و چینی ناوەڕاست خەریکە بەتەواوی لاواز دەبێت کە ئەم چینە بە بناغەی بەهێزبوونی دیمۆکراسی دادەنرێت.

بەپێی داتاکانی ئۆپێک، عێراق بە تێکڕا لە نێوان ساڵی (2015 - 2022) زیاتر لە (3 ملیۆن و 577 هەزار) بەرمیل نەوتی رۆژانەی هەناردە کردووە. تێکڕای داهاتی هەر ساڵێکی زۆرتر بووە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە (75 مليار و 265 مليۆن) دۆلار، داهاتی نەوت بە تێکرا (84.65)%ی داهاتی گشتی پێکدەهێنێت (الجبوری، 2023)، بەڵام ئەم ڕێژەیە لە ساڵی دواتر (2023) زۆر بەرزتربۆتەوە بەهۆی ئەوەی کە نرخی نەوت بەرزبووە و بەمەش داهاتی عێراق گۆڕانکاری بەسەرداهات و 95%ی داهاتەکە بووە نەوت و (5%)ی نانەوتی (درەومیدیا-2، 2023). هەرێمی کوردستانیش لەساڵی 2003 هەتاوەکو ساڵی 2014 ڕاستەوخۆ بودجەی لە عێراقەوە بۆ دەهات لەسەر ئەو داهاتە رانتییە بووە. بۆ نموونە لەبودجەی ساڵی 2013ی هەرێمی کوردستان کە دوايين یاسای بودجە بووە تا ئێستا، زیاتر لە 95%ی بودجەکەی پشتی بەستووە بەو داهاتە ڕێنتیەی کە لە بەغداوە بۆی دەهات و تەنها 5%ی داهاتەکەی پشتی بەستووە بە داهاتە ناوخۆییەکان لەگەڵ ئەمانەشدا هێشتا بودجەکەی لەکورتهێنان بووە (احمد، 2021: 92). هەروەها بەگوێرەی داتاکانی سەنتەری توێژینەوەی وزەی جیهانی (Wood Mackenzie)، 90%ی داهاتی هەرێمی کوردستان لەرێگەی نەوتەوەیە و ڕێژەیەکی زۆری دانیشتوانەکەی موچەخۆری حکومەتن (عبدالله، 2020: 11). بەمەش هەرێمی کوردستان هەرێمێکی خاوەن نەوتە و لەقەیراندا دەژی.

هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی 2014ەوە خۆی ڕاستەوخۆ نەوتی فرۆشتووە و زیاتر لە 80%ی داهاتەکەی لەو نەوتە هاتۆتەدەست، هەتاوەکو ساڵی 2023 کە بەهۆی بردنەوەی داواکەی دادگای ناوبژیوانی لەپاریس لەلایەن بەغداوە، هەرێم نەوتەکەی ڕاگرت. واتە نزیکەی دەساڵ بودجەکەی لەبەغداوە بۆ هاتووە کە لەپارەی فرۆشی نەوت بوو، هەروەها نزیکەی دەساڵیش بە سەربەخۆ نەوتی فرۆشت بۆ دابینکردنی داهاتی هەرێمەکە. هەرچەندە هەوڵی زۆریدا بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی تری دەرەوەی نەوتی، بەڵام هەرێم سەرکەوتوو نەبوو چونکە نەیتوانی سیستمی باجی بەهێز و سەربەخۆ و دادپەروەرانە دروست بکات و کەرتی تایبەت زۆر لاواز بوو و زۆربەی فەرمانبەران لەکەرتی گشتی موچە وەردەگرن ئەم هۆکارانە وایکردووە کە حکومەت بەجددی درک بە قەیرانی سیاسەتی باج بکات چونکە هەمان لێکەوتەی لەسەر هەرێمی کوردستان هەبووە کە لەخوارەوە زیاتر باسیان دەکەین. بۆیە ئێستا هەرێمی کوردستان لەسەرەتای قۆناغێکی تری نوێی حوکمڕانێتییە کە ئەویش جێبەجێکردنی سیاسەتێکی نوێی باج وەرگرتنە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 3-8- لاوازبوونی کەرتی تایبەت و زیادبوونی بێکاری و هەژاری

بەگوێرەی پرۆژەی بانکی جیهانی (World Bank) بۆ چاکسازییەکانی ئابووری لەهەرێمی کوردستان، هەرێمی کوردستان وڵاتێکی رانتییە، چونکە سیستمی رانتی بەلای بانکی جیهانییەوە ئەو سیستمەیە کەهەموو داهاتەکە یان بەشێکی گەورەی لەسەر فرۆشتن یان بەکرێدانی کەرەستەیەکە بۆ کەرتی دەرەکی، کە ئەمە کێشەی سەرەکی بەردەم حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە بەگوێرەی راپۆرتەکە بۆتە هۆکاری لاوازبوونی کەرتی تایبەت و زیادبوونی کێشەکان کە ژینگەیەکی نادڵنیایی لەهەرێمەکە دروستکردووە (بڕوانە راپۆرتی بانکی جیهانی، 2016، ل3).

لە سیستمی رانتی هەرکات نرخی نەوت بەرزبوو ئەوا هەلی کار و کەرتی تایبەت بەرەو پێشەوە دەڕوات، بۆ نموونە لە 2006 تا 2012 کۆچکردن پێچەوانە بووەوە لەبەرئەوەی پارە زۆر بوو و پرۆژەو کار هەبوو، تەنها لەکەرتی تایبەتدا نزیکەی 700 هەزار کەس کاری دەکرد، بەڵام بەهۆی سیاسەتی رانتی هەرێمی کوردستان کە بژێوی ژیانی هاوڵاتیان وابەستەکراوە بە فرۆشتن و داهاتی نەوتەوە، لەگەڵ دروستبوونی قەیران لە نرخی نەوت، کەرتی تایبەتیش بەرەو لاوازی دەڕوات و لەساڵی 2021 لەسەرتاسەری هەموو کوردستاندا تەنها 138 هەزار کەس لەکاردابوون (ابراهیم، 2021).

بەبڕوای ئەو توێژینەوانەی لەمەڕ پەیوەندی نێوان سیستمی رانتی و قەیران ئەنجامدراون، سیاسەتی حوکمڕانێتی رانتی بێکاری دروست دەکات (Altunisik, 2014: 78). بۆ دۆزینەوەی ئەم پەیوەندییە، لەهەرێمی کوردستان کێشەی وەرگرتنی داتاکان هەیە بەهۆی نەبوونی ناوەندەکانی داتا و زانیاری باوەڕپێکراو و زانستی، بەڵام ئێمە بەپشت بەستن بەچەندین توێژینەوەی مەیدانی و دەستەی ئاماری هەرێم و راپۆرتە دەرەکییەکان توانیمان بەرچاوڕونیەک دەست بخەین بۆ رێژەی بێکاری و هەژاری لەهەرێم. بەشێوەیەک ئەگەر لەسەرەتای ئەم سەدەیەوە دەست پێ بکەین، رێژەی بێکاری لە هەرێم لەساڵی 2000 نزیکەی (17%)بووە. دواتر لەدوای پرۆسەی داگیرکاری عێراقەوە بارودۆخی ئابووری گۆڕا بەشێوەیەک کە لەساڵی 2013 دابەزیوە بۆ (6%) (احمد ، 2021: 100).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەبارەت بە ڕێژەی هەژاریش، بەپێی ئامارێکی بانکی جیهانی کە لە 2015 بڵاوکراوەتەوە لە پارێزگای هەولێردا ڕێژەی هەژاریی (4.1%)بووە. بەگوێرەی داتاکانی دەستەی ئاماری هەرێم، لە ساڵی 2018 ڕێژەی هەژاریی بە ستانداردی بانکی نێودەوڵەتی (5.45%)بووە. بەگوێرەی داتای2019ـی توێژینەوەکانی ئۆکسفۆرد بۆ هەژاری و گەشەی مرۆیی، ڕێژەی هەژاری بە گشتی (5.32%)بووە. بەپێی ڕاپۆرتێکی ئەوروپی لە ساڵی 2020 دا لە هەرێمی کوردستان ڕێژەی هەژاری (12.5)بووە. هەمان ڕێژەیەش دیارکراوە لەلایەن ئۆفیسی هاوکاریی پەنابەرێتی ئەورووپی (EASO ) لە ڕاپۆرتێکیدا تایبەت بە دۆخی عێراق و هەرێمی کوردستان کە لە 2020 بڵاویکردەوە و بە وتەی عەبدولزەهرە هندوای وتەبێژی وەزارەتی پلاندانانی عێراق لەو ساڵە ڕێژەی هەژاری لە هەرێمی کوردستان (12.5%بۆ 13%)بووە (کیانی، 2020). نزیک لەمانەش، بەپێی دەستەی ئاماری هەرێم دانیشتوانی هەرێم لە ساڵی 2020دا نزیکەی (6 ملیۆن و 270هەزار) کەس بووە، بەوپێیەش ژمارەی ئەوانەی هەرێمی کوردستان هەژار بوون لەو ساڵە (815هەزار) کەس بووە کە دەکاتە ڕێژەی (13%) (ئاشتی، 2022). بەهەمان شێوە، بەپێی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ڕێژەی بێکاری لە ساڵی 2019دا (9%) بووە و بەهۆی کۆرۆناوە لە ساڵی 2020 بۆ (12%-13%) بەرزبووەتەوە. ئەم سەرچاوانەی سەرەوە باس لەوە دەکەن کە بەهۆی کۆرۆناوە ئەم ئامارە ئاوا بەخێرایی بەرزبۆتەوە بەشێوەیەک کە لە هەرێمی کوردستان هەژاری لە (5%)ەوە بۆ نزیکەی (13%)ە بەرزکردووەتەوە (بڕوانە وێنەی ژمارە 3). لەنیوەی یەکەمی ساڵی 2022 بەگوێرەی ئاماری فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، (بریکاری وەزارەتی پلاندانان) هەژاری لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 7% بووە و ڕێژەی بێکارییش بەپێی ئەو داتایانەی هەیە لە 10-11% یە (ناس کورد، 2022). واتە هەرکات داهاتی نەوت هەبێت و نرخی نەوت بەرزبێت، هەژاری و بێکاری کەم دەبێت و هەرکات نەما یان دابەزی، بێکاری و هەژاری بەرز دەبێتەوە (بڕوانە وێنەی ژمارە 2).

(سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەران)

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




بەپێی توێژینەوەیەکی شیکاریی دامەزراوەی ڕاند کە ڕای سێ هەزار و 309 گەنج وەرگیراوە، 50 %یان هۆکاری سەرەکیی بێکاری لە هەرێمی کوردستان بۆ سنوورداری دەرفەتەکانی کارکردن دەگەڕێننەوە: زیاتر لە 43%یان بۆ بێتوانایی حکومەت لە دەستەبەرکردنی دەرفەتی کار، 23%ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە دەڵێن لاوان خۆیان کەمتەرخەمن لە دۆزینەوەی هەلی کار؛ هەروەها 19%یش هۆکاری بێکاری بۆ سنووردارییی توانای لاوان دەگەڕێننەوە (ڕەحیم، 2021). بەگشتی بەهۆی جێبەجێکردنی سیستمی ڕانتییەوە، بیکاری و هەژاری لەهەرێمی کوردستان وابەستەی نرخی نەوت بووە.

### 3-9- بەرزبوونەوەی ڕێژەی گەندەڵی

ماسیۆ گرای جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان حوکمڕانێتی ڕانتی و دروستبوونی گەندەڵی هەیە (Gray, 2011: 5). لەهەرێمی کوردستان هەردوو پارتی دەسەڵاتدار ڕێککەوتوون لەسەر چۆنێتی دۆزینەوە، دەرهێنان، فرۆشتن و دابەشکردنی داهاتی نەوت هەروەها داهاتی زۆربەی سێکتەرەکانی تری وڵات (Jameel, H. 2017: 84-85). بەگشتی عێراق و هەرێمی کوردستان لەنێو ڕیزبەندی یەکەمەکانی وڵاتانی گەندەڵین. ئەمە چەندین ساڵە بەبەردەوامی دووبارە دەبێتەوە. هەر تەنها بەگوێرەی ڕاپۆرتی دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان لەساڵی 2021دا 804 دۆسیەی گەندەڵی لەهەرێمی کوردستاندا لێکۆڵینەوەی تێدا دەکرێت کە سەرەتا 136 دۆسیەیان ڕەوانەی دادگا کراوە بۆ قۆناغی دادگایکردن (ڕۆژنامەی هەولێر، 2021). ئەمە تەنها ئەو دۆسیانەی کە ئاشکران، ئەی ئەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دۆسیانەی کە کەس ناتوانێت تەنانەت باسیشیان بکات بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بە کەرتی دۆزینەوە، دەرهێنان و فرۆشتنی نەوتەوە هەیە دەبێـت چەند بێت و ڕێژەی گەندەڵی لەساڵانی ڕابردوو چەند بووە!

کاتێك کە حکومەت پشتی بەیەك سەرچاوە بەست وەك تاکە سەرچاوەی داهاتی ناوخۆیی ئیدی کۆنترۆڵکردن و گرتنە دەستی جومگە گرنگ و هەستیارەکانی دەوڵەت ئاسان دەبێت لەلایەن کەمینەیەکی فەرمانڕەواوە، بەڵام کاتێك کەرتەکان زۆربوون و پارە لە هەموو سێکتەرەکانی وڵات برژێتە نێو سندوقی داهاتی ناوخۆییەوە، ئەو کاتە کۆنترۆڵکردنی لەلایەن کەمینەیەك ئاسان نابێت و هەموو حزب و پێکهاتەکان هاوکار دەبن بۆ بەڕێوەبردنی کەرتەکان و بەمەش دەبن بە چاودێر بەسەر یەکدییەوەو کەسیان لە ترسی ئەوی دیکەیان ناتوانێت گەندەڵی بکات و بۆ بەرژەوەندی خۆی سێکتەرەکە کۆنترۆڵ بکات. لە هەرێمی کوردستان لەبەر ئەوەی سەرچاوەی سەرەکی نەوتە و بە هەژموونی بەهێزی هەردوو پارتی فەمانڕەوا گرێبەستییە نەوتییەکان ئەنجام دەدرێن بەبێ ئەوەی حزبەکانی دیکە بەمە بزانن، ئەمەش دەبێتە هۆی جۆرێك لە بێ منەتی حزبی حاکم بەوەی پێویستی بەکەسی دیکە نەبێت و کەسیش نەتوانێ چاودێر بێت بەسەر کارەکانییەوە، کە دواجار حکومەت و دەسەڵات لە دەستی ئەو کەس و لایەنەدایە کە گرێبەستی نەوتی واژۆ کردووە و پارەکەی وەرگرتووە. بۆیە زۆرجار دەگوترێـت دیموکراسی و نەوت دوانەیەکی ئەستەمن کە پێکەوە هەڵبکەن (زەڵمی، 2018). کەواتە لە حوکمڕانێتی ڕانتی هەرێمی کوردستان نەوت لەدەست چەند گرووپێکە و تەنها ئەم گرووپانە ئاگاداری دەرهێنان و فرۆشتن و وەرگرتنی داهاتی نەوتن نەک حکومەت و پەرلەمان و دەزگا فەرمییەکان. بۆنموونە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کە بەرزترین دامەزراوەی چاودێری داهاتی حکومەتە بەئاشکرا چەند جارێک گوتویەتی کە "من وەکو سەرۆکی پەرلەمان ئاگاداری داهاتی کوردستان نیم و هێشتا نازانین بڕێکی زۆر لە پارەی نەوت چی بەسەر دێت" (عبدالرحمن. 2021). بێجگە لەمەش، گومانی زۆر لەسەر پرۆسەی گرێبەستەکان و ڕێژەی وەرگرتنی داهاتەکە هەیە، چونکە دەتوانین بڵێین هەروەکو چۆن عێراق لەسەرەتای دەرهێنانی نەوت لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو نیوەبەنیوە لەگەڵ کۆمپانیاکان ڕێککەوت بۆ وەبەرهێنان لەم کەرتە (احمد، 2021: 104)، بەهەمان شێوە هەرێمی کوردستانیش دەستی دایە ئەم سیاسەتە بەشێوەیەکی خراپتر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کە 54% لەهەر بەرمیلێک لەپرۆسەی بەرهەمهێنانەکە خەرج دەکرێت و بەمەش تەنها 46%ی بۆ حکومەتی هەرێم دەمێنێتەوە! (Draw. 2023).

## 4- دەرئەنجامەکان و پێشنیارەکانی توێژینەوەکە

### 1-4- دەرئەنجامەکان

گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتووە ئەمانەن:

یەکەم: رەگی دروستبوونی ئەو دۆخە ئابوورییە رانتیەی هەرێم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە خەڵک بەناچاری پشتی بەست بە حزب و سەرکردەکان بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان و ئەوانیش لەدوای ساڵی 2003ەوە کە داهاتی هاوپەیمانان و دواتر داهاتی نەوتی عێراق و هەرێمیان کەوتە دەست، بەشێوەیەک سیاسەت و حوکمڕانێتیان کرد کە ئەم مۆدێلی دەست بەسەرداگرتنەی ئابووری و خەڵک بەردەوام بکەن و هەرگیز نەهێڵن دامەزراوەکان یەکگرتوو و بەهێزبن کە خۆیان سەرپەرشتی کۆکردنەوە و دابەشکردنی داهاتی نەوت بکەن، بەمەش سیستمەکە بووە رانتی.

دووەم: حکومەت سەرکەوتوو نەبووە لە پاراستنی ئاسایشی وزە و نەیتوانی بەگوێرەی دەستوور و یاساکانی ناوخۆ سوود لەبەرهەمەکە وەربگرێت و بیکاتە پشتێنەی پاراستنی ئابووری کوردستان و بەهۆیەوە کاریگەری لەسەر سێکتەرە ئابووریەکانی تر بۆ گەشەسەندن دروست بکات. ئەم بەرهەمە رانتیە نەک نەیتوانی ئەم کارە بکات، بەڵکو بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی و خراپی ئەدای دەزگاکانی بەدامەزراوە نەبوو، نەتوانرا تەنانەت موچەی فەرمانبەرانی هەرێمیشی پێ دابین بکرێت و لەدوای دەساڵەوە (2014-2024) دەرهاوێشتەی خراپی لەسەر ئاستی ئابووری تاک و کۆمەڵگەی کوردستانی کردووە بەهۆی فشاری توندی ناوخۆ و دەرەوە. بەمەش دەگەینە ئەو دەرئەنجامە کە نەوت و غاز نەگبەتی گەورەی بۆ هەرێم هێناوە، چونکە پێش ئابووری سەربەخۆ و نەوت ناردن (2004-2014)، هەرێم بودجەیەکی زیاتر لەیەک ملیار دۆلاری مانگانەی لەحکومەتی عێراق وەردەگرت بەبێ ئەوەی هیچ نەوتێک رادەست بکات و ئەمەش خۆشگوزەرانیەکی ئەوتۆی هێناکایەوە کە لەمێژووی کورددا رووینەدابوو، بەڵام پشت بەستن بەداهاتی نەوتی ناوخۆ، قەیرانی زۆری بۆ هەرێم هێناوەتە کایەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سێیەم: بەهۆی سیستمی رانتییەوە، حکومەت پارەیەکی یەکجار زۆر خەرج دەکات لەدامەزراندنی خەڵک بەبێ ئەوەی پێویستی پێیان هەبێت. لەهەر فەرمانگەیەک چەندین فەرمانبەر و کارمەندی حکومی هەن و دەرفەتی کاریان نیە. ئەمە کاریگەری نەرێنی لەسەر ئەدای حکومەت و فەرمانبەرەکانیش دروست کردووە. پارەیەکی زۆر لە حکومەت بەفیرۆ دەچێت بەبێ ئەوەی بەرهەمی باشی هەبێت. لێرەدا کێشەیەکی تریش دروست بووە، خەڵک بە پسپۆڕی بەرز و بەبڕوانامەی بەرزتر و کوالێتی باشتر دانامەزرێت، بەڵام سەیردەکات هەمان خەڵک دامەزراوە و لەئاستی پێویستی حکومەت و خەڵک نیە و پارە لەحکومەتیش وەردەگرێت. ئەمەش کێشەی بۆ دادپەروەری لە کەرتە جیاوازەکانی حکومڕانێتی لەهەرێمی کوردستان دروستکردووە.

چوارەم: هاوڵاتی هەرێمی کوردستان وەکو هاوڵاتیانی وڵاتانی رانتی کەنداو نەیتوانیوە سود لە بەرهەمی نەوت و غاز وەربگرێت و ببێتە خاوەن داهاتێکی تاکەکەسی سەربەخۆ و بازاڕێکی سەقامگیر، بەڵکو داهاتی رانتی بەپێچەوانەوە نادڵنیایی داهاتی تاک و بازاڕێکی ئاڵۆز و سەرلێشواوی دروستکردووە. ئەم هاوکێشەیەی کاریگەری رانتی وایکردووە خەڵک نەتوانێ خۆی یەکلابکاتەوە لەنێوان پشتبەستن بە سیستمی رانتی یان بەرهەمی ترا لەم مۆدێلەی سیستمی رانتی هەرێم، خەڵک نە بۆ داهاتی تاکەکەسی و خێزانی و نەبۆ بەکارهێنانەوەی وزەکە سوودی لەبەرهەمهێنانی نەوت و غاز وەرنەگرتووە و نرخەکانی سوتەمەنی لەهەرێمی کوردستان نزیکە لەنرخەکانی سوتەمەنی لەو وڵاتانەی کە خاوەنی بەرهەمی نەوت و غاز نین.

پێنجەم، سیاسەتی ئابووری رانتی، وایکردووە سیستمی حوکمڕانێتی هەرێمی کوردستان سەقامگیر نەبێت و هەرکات نرخی نەوت دابەزێت، کێشە و قەیران بۆ داهاتی هەرێمی کوردستان و موچەی فەرمانبەرانی دروست بێت. ئەم سیستمە بێکاری و هەژاری و تەمبەڵی و بێ بەرهەمی کشتوکاڵی و گەشەنەکردنی ئابووری هێناوەتەکایەوە و لەهەمان کات گەندەڵی زۆری دروستکردووە و کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستانی دابەشی دوو چین کردووە کە خەریکە بەهۆی ئەم سیستمەوە چینی ناوەڕاست نامێنێت کە ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر بەهاکانی دیمۆکراسی لەهەرێم دروستکردووە.

بەگشتی نە ئابووری سەربەخۆ و نە حوکمڕانێتی رانتی سەرکەوتوو نەبووە لەهەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەجیاتی جیاکردنەوەی بەرهەمی نەوتی و بەگەڕخستنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەپێشخستنی سکێتەرەکانی تر، زیاتر لە سی ملیار دۆلاریش قەرزارە و زیاتر لە دەساڵە خەڵک و فەرمانبەران بەدەستی ئەم سیستمەوە دەناڵێنن. واتە هەرێم نەتوانیویەتی پەرە بەبەرهەمە هەمەجۆرەکانی دەرەوەی نەوت بدات و نەتوانیویەتی سەرکەوتوو بێت لەسوود وەرگرتن لەبەرهەمی نەوتی.

## 2-4- پێشنیارەکان

یەکەم: بەبێ بەدامەزراوەییکردنی دەزگاکانی هەرێمی کوردستان و بەهێزکردنی دامەزراوەکان، ناتوانرێت ئابووری هەرێم بەرەوپێشەوە ببرێت. هەمیشە دامەزراوەی ئابووری سەربەخۆ و بەهێز دەبێتە هۆکاری بەهێزبوونی سیاسەتی وڵات. پێشنیار دەکەین کە کار بکرێت لەسەر گۆڕینی سیستمی رانتی بۆ ئابووری هەمەجۆر و بەرهەمەکانی تری دەرەوەی وزە، ئینجا ئابووری هەرێمی کوردستان دەکەوێتە سەر رێڕەوی گەشەسەندنی ئابووری، بۆ ئەمەش دەبێت کەرتی تایبەت پەرەی پێبدرێت و هەوڵی گواستنەوە لەکەرتی گشتی بۆ کەرتی تایبەت بدرێت بە مۆدێلی وڵاتانی پێشکەوتوو.

دووەم: داهاتی نەوت و غاز و سامانی سروشتی تێکەڵی داهاتەکانی تر نەکرێت و بیر لە بایەخدان بەکەرتەکانی تری کشتوکاڵ، پیشەسازی، تەکۆلۆژیا و بوارەکانی تر بکرێتەوە و داهاتی نەوت و سامانە سروشتییەکان تەنها بۆ هاندان و هاوکاری پێشختستی بوارە ئابوورییەکان خەرج بکرێت، نەک هەموو پشتبەستنی حکومەت بۆ موچە لەسەر نەوت و غاز بێت و هەرکات نرخی ئەمانە یان باری سیاسی فرۆشتنیان کەوتە لێژی، ئیتر سیستمەکە توشی کێشە بکەن. دەکرێت هەرێم بۆ خۆدەربازکردن لەم کێشەیە سود لە نموونەی وەکو هۆڵندا و نەرویژ وەربگرێت.

سێیەم: سیستمی باجدان بەشێوەیەک رێکبخرێتەوە کە بەتەواوی پشت ببەستێت بە لەبەرچاوگرتنی ژینگەی سیاسی و ئابووری خەڵک و بەشێوەیەک شەفاف بێت کە خەڵک متمانە بکات کە ئەو باجە دواتر بۆ خزمەتی ئەو خەرج دەکرێتەوە، ئەگەرنا خۆدزینەوە لەباج یان جیاوازی نێوان خەڵک لەباجدان ناتوانێت دەرئەنجامی ئەرێنی هەبێت و حکومەت لە سیستمی رانتی بگۆڕێت بۆ بەڕێوەبردنی سەرکەوتوو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چوارەم: بۆ ئەوەی دادپەروەری لە کۆمەڵگەدا هەبێت، پێویستە حکومەت بەشێک لەو پارەیە بەهۆی گۆڕینی سیاسەتی رانتی بۆ بەرێوەبردنی باش گلبداتەوە و بەشێوەی سۆشیال بیداتە خەڵک و لەناو خەڵکیش ئەمە تەنها بۆ خەڵکی پێویست وەکو خاوەن پێداویستی تایبەت، هەژار و کەمدەرامەت و ...هتد، بێت.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان

ابراهیم، ئارا. (2021) ساڵی داهاتوو کارەبا بەتەواوی دەدرێـە کەرتی تیبەت. لەم بەستەرە: https://hawlati.co/page_detail?smart-id=20588 (رێکەوتی سەردانی 1ی مەی 2023).

احمد، جهانگیر صدیق. (2021). چاکسازی ئابووری لە هەرێمی کوردستان، پاساو و بەربەستەکان لە (2005-2019). گۆڤاری لێکۆڵینەوەی سیاسی و ئەمنی. 4(8).

چاوپێکەوتن لەگەڵ د. ریباز ظاهر اسماعیل، هەولێر. 17ی ئۆکتۆبەری 2022.

حکومەتی هەرێمی کوردستان. (2020). ژمارەی فەرمانبەران و موچەخۆرانی هەرێم. لەم بەستەرە: https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=16133 (رێکەوتی سەردانی 30ی ئێپرڵی 2023).

درەومیدیا -1. (2023). 30 ساڵ قەیرانی دارایی لە سلێمانی. لەم بەستەرە: https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=12658 (رێکەوتی سەردانی 30ی ئێپرڵی 2023).

درەومیدیا-2. (2023). داهاتی عێراق ( 95%)ی نەوت و (5%)ی نانەوتییە. لەم بەستەرە: https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=13602 (رێککەوتی سەردانی 8ی فێبریوەری 2024).

راپۆرتی کۆمپانیای (دیلۆیت)ی جیهانی سەبارەت بە وردبینی کەرتی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان-عێراق (1ی کانونی دووەمی 2021 تا 30ی حوزەیرانی 2021). ماڵپەڕی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان. لەم بەستەرە: https://gov.krd/information-and-services/open-data/deloitte-reports/deloitte-report-2021 (رێکەوتی سەردانی 27ی دیسەمبەری 2021).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

رحیم، هێمن بابان. (2021). ڕێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان لە بەرزبوونەوەدایە. پۆرتاڵی ڕووداو. لەم بەستەرە: https://www.rudaw.net/sorani/business/020920212 (ڕێکەوتی سەردانی 28ی دیسەمبەری 2021).

ڕۆژنامەی هەولێر. (2021). سەرۆکی دەستەی دەستپاکی هەرێم: کەیسی گەندەڵی لە هەردوو قۆناغی هەواڵدەری و سزاییدان. لەم بەستەرە: https://hawlerweb.net/kurdistan/2021/12/7087/_EDHZZfN7wQgwN6BAgNEAE&biw=1440&bih=825&dpr=2 (ڕێکەوتی سەردانی 28ی دیسەمبەری 2021).

زەڵمی، ڕەزوان. (2018). ئاڵودەبوونی عێراق و هەرێمی کوردستان بە ئابوری ڕەیعی؛ هەرێمی کوردستان توشبوو بە نەخۆشی هۆڵەندی. دیپلۆماتیک مەگەزین. لەم بەستەرە: http://www.diplomaticmagazine.net/politics/568 (ڕێکەوتی سەردانی 25ی فێبریوەری 2021).

سوبحی، بارام. (2020). بێکاریی شاراوە و بندیواریی مۆتەکەی یاسای چاکسازیی. گۆڤاری ئایندەناسی، ژ. 2.

عبدالرحمان، سەنگەر. (2021). ڕێواز فایەق زانیاریی نوێ لەبارەی داهاتی نەوت ئاشکرا دەکات. پۆرتاڵی ڕووداو. لەم بەستەرە: https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/1511202110 (ڕێکەوتی سەردانی 27ی دیسەمبەری 2021).

عبدالله، پ.ی.د. سەروەر محمد (2025). چەمک و ڕەهەندەکانی ئاسایشی وزە لەهەرێمی کوردستان. گۆڤاری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، ژ. 1.

عبدالله، فەرهاد حسن. (٢٠٢٠). کوردستان: هەرێمێکی خاوەن نەوت لەقەیراندا. ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، ژ:176. لەم بەستەرە: https://www.kurdistanc.com/Political/details.aspx?jimare=1571. ڕێکەوتی سەردانی 27ی دیسەمبەری 2021).

عزیز، د. سەردار. (2022). مۆدێرنە و کەپیتاڵیزم و ئێمە. هاوڵاتی. لەم بەستەرە: https://hawlati.co/page_detail?smart-id=22770 (ڕێکەوتی سەردانی 17ی ئۆکتۆبەری 2022).

عومەر، هیوا. (2020). ئابوری رەیعی واتە دروستکردنی سیستەمی دیکتاتۆری؛ نەوت و ستەمکاری. دیپلۆماتیک مەگەزین. لەم بەستەرە: http://diplomaticmagazine.net/politics/2815 (رێکەوتی سەردانی 25ی فێبریوەری 2021).

کامەران، محمد. (2024). زۆرێک لەو وڵاتانەی نەوتیان زۆرە ڕەنگە بە دەست کۆمپانیا نەوتییەکان یان حکومەتەکانی خۆیانەوە بناڵێنن. درەو میدیا. لەم بەستەرە: http://drawmedia.net/page_detail?smart-id=14616 (رێکەوتی سەردانی 7ی فێبریوەری 2024).

کریم، انور (2021). مۆدێلی ئابووری هەرێمی کوردستان. تێکەڵەیەک لە ئابووری کرێخۆر و نیولیبرالیزم. سلێمانی: ژووری توێژینەوەی بزووتنەوەی گۆڕان.

کیانی، بروا. (2020). راپۆرتێکی ئەوروپی: رێژەی هەژاری لە هەرێمی کوردستان 12.5%ە. ماڵپەڕی رووداو. لەم بەستەرە: https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/250920209 (رێکەوتی سەردانی 19ی ئۆکتۆبەری 2022).

گوڵپی، جیهانگیر سدیق. (2020). گرفتەکانی داهاتی گشتی و رێگەچارەکانی لەهەرێمی کوردستان. گۆڤاری ئایندەناسی، ژ. 2.

ناس کورد. (2022). رێژەی هەژاری و بێکاری لەهەرێم راگەیەنرا. لەم بەستەرە: https://nasnews.com/kurd/view.php?cat=38726 (رێکەوتی سەردانی 19ی ئۆکتۆبەری 2022).

نوری، زیاد محمد. (2020). هەرێمی کوردستان وەک نمونەی دەوڵەتی بەرخۆر. ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان. لەم بەستەرە: https://www.kurdistanc.com/Terror/details.aspx?jimare=3300 (رێکەوتی سەردانی 26ی فێبریوەری 2012).

ئەحمەد. (2021). دەرەنجامی کۆبوونەوەکەی بافڵ تاڵەبانی لەگەڵ قوتابیان ئاشکراکرا. پۆرتاڵی کوریدۆ. لەم بەستەرە: https://www.kurdiu.org/ku/b/503482 (رێکەوتی سەردانی 27ی دیسەمبەری 2021).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان

الجبوری، حامد عبدالحسين. (2023). النفط والمالية العامة في العراق. لەم بەستەرە: http://fcdrs.com/economical/1822. (ڕێکەوتی سەردانی 8ی فێبریوەری 2024).
ڕاپۆرتی بانکی جیهانی (2016). إقليم كردستان العراق إصلاح الاقتصاد من أجل تقاسم ثمار الرخاء والازدهار وحماية الضعفاء والمحرومين، لەم بەستەرە:
https://documents1.worldbank.org/curated/zh/727341468196728311/pdf/106132-WP-P159972-PUBLIC-ARABIC-EXECUTIVE-SUMMARY-of-KRG-Economic-Reform-Roadmap-post-Decision-Review-5-30-2016.pdf (ڕێکەوتی سەردانی ١٧ی سێپتەمبەری 2024).
الربيعی، فلاح خلف علي (2019). هوية النظام الاقتصادي في العراق بين الدولة الريعية والدولة التنموية. مركز دراسات الوحده العربيه. لەم بەستەرە:
https://caus.org.lb/%D9%87%D9%88%D9%8A%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D9%86%D8%B8%D8%A7%D9%85-%D8%A7%D9%84%D8%A7%D9%82%D8%AA%D8%B5%D8%A7%D8%AF%D9%8A-%D9%81%D9%8A-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82-%D8%A8%D9%8A%D9%86-%D8%A7%D9%84%D9%84 (ڕێکەوتی سەردانی 17ی سێپتەمبەری 2024).

## سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

Altunisik, M. (2014). Rentier State Theory and the Arab Uprisings: An Appraisal. Uluslararası İlişkiler. [online] Volume 11 (42). Available at: https://www.jstor.org/stable/43925852 [Accessed: 15th February 2021].
Ambrose, J. (2020). Oil prices dip below zero as producers forced to pay to dispose of excess [online]: Available at: https://www.theguardian.com/world/2020/apr/20/oil-prices-sink-to-20-year-low-as-un-sounds-alarm-on-to-covid-19-relief-fund#:~:text=3%20years%20old,Oil%20prices%20dip%20below%20zero%20as%20producers,pay%20to%20dispose%20of%20excess&text=US%20oil%20prices%20turned%20negative,which%20left%20oil%20traders%20reeling. [Accessed 2nd May 2023].
Cambridge Dictionary. (2021). Rentier. [online]: Available at: https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/rentier [Accessed 8th February 2021].
Collins Dictionary. (2021). Rentier. [online]: Available at: https://www.collinsdictionary.com/dictionary/english/rentier [Accessed 8th February 2021].
Daneshpour, Z. (2015). Misunderstanding the definition of rentier state: rethinking is next. [pdf]. Iran: Shahid Beheshti University. Available at: https://www.academia.edu/37717744/Misunderstanding_the_definition_of_rentier_state_rethinking_is_next [Accessed 21rd February. 2021].

Draw. (2023). The oil values in Iraq and the Kurdistan Region in 2022. [online]: Available at: https://drawmedia.net/en/page_detail?smart-id=12206#:~:text=Accordingly%2C%20the%20return%20rate%20of,oil%20for%20the%20production%20process. [Accessed 2nd May 2023].

Gray, M. (2011). Towards a Theory of 'Late Rentierism' In the Arab States of the Gulf. [pdf]. Australia: Centre for Arab and Islamic Studies. The Australian National University. Available at: https://www.files.ethz.ch/isn/134326/No_7_MatthewGrayTheoryLaterRentierismArabStatesGulf.pdf [Accessed 21rd February. 2021].

Gurbuz, E. (2023). Turkey's Halt on Iraqi Oil Exports Is Shaking Up Global Markets. [online]: Available at: https://foreignpolicy.com/2023/08/25/turkey-iraq-krg-oil-pipeline-ceyhan-export-erdogan-embargo/ [Accessed 8th February 2024].

Herb, M., and Lynch, M. (2019). The Politics of Rentier States in the Gulf. In: Herb, Michael., Lynch, M., The Politics of Rentier States in the Gulf. Pompes, No. 33. George Washington University .

Jameel, H. (2017). A case study of Political Corruption in Conflict- Affected Societies (The Kurdistan Region of Iraq 2003-2013). PhD thesis, UK: University of Leicester .

Krane, J. (2019). Subsidy reform and tax increases in the rentier Middle East. In: Herb, Michael., Lynch, M., The Politics of Rentier States in the Gulf. Pompes, No. 33. George Washington University .

Merriam Webster. (2021). Rentier. [online]: Available at: https://www.merriam-webster.com/dictionary/rentier [Accessed 8th February 2021].

Oxford Lexico Dictionary. (2021). Rentier. [online]: Available at: https://www.lexico.com/definition/rentier [Accessed 8th February 2021].

Reuters. (2017). After lean years, Big Oil is under pressure to spend. [online]: Available at: https://www.reuters.com/article/us-oil-capex-analysis-idUSKCN1MD09L [Accessed 2nd May 2023].

Shahab. S. (2025). Geopolitical Risks and Economic Impact. Kurdistan Chronicle. Available at: https://www.kurdistanchronicle.com/babat/3897 [Accessed: 29th May 2025].

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print) :ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی

# Rentier governance in the Kurdistan Region: Reasons and Consequences'

**Asst. Prof. Dr. Barzan Jawhar Sadeq**
College of Political Sciences, Salahaddin University - Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Email: barzan.sadq@su.edu.krd

**Prof. Dr. Salih Omar Issa**
College of Political Sciences, Salahaddin University - Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Email: salih.issa@su.edu.krd

## Abstract

Based on the international standards for A rentier states, Kurdistan Region-Iraq has implemented the rentier governance. Over the past twenty years, the Rentierism has created major issues between the people and the authorities on the one hand; and has resulted in an unproductive society dependent on oil on the other. At the times of falling oil prices and political tensions between Erbil-Baghdad and other regional actors, the system is constantly in crisis. So, people and the political authorities are always uncertain and unable to formulate their strategic and long-term plans. Currently, Iraq and the Kurdistan Region have been following the principles and characteristics of the rentier system (due to the focus on employment and dependence on oil revenue) without diversifying other economic resources. Kurdistan Region, despite its efforts to become an independent economy and oil-dependent, has a total debt of 30 billion US dollars and has not been able to distribute salaries of employees regularly for more than a decade. We, therefore, come to the conclusion that the rentier system has brought many crises to the region and there should be an attempt to change this system to diversify its economic resources and pay attention to taxes, agriculture, tourism, investment and other industries.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

This Research discusses the definition, concept and characteristics of rentier governance. It examines the most important factors that led to the emergence of this system and its consequences on Kurdistan region's society and its political system. Finally, the researcher presents some conclusions and suggestions for the transition needed for the system of governance.

***Keywords:*** *Kurdistan Region, Rentier System, Rentier Governance, Crisis, Rentier Consequences.*

# الحوكمة الريعية في إقليم كوردستان: الأسباب و العواقب"

**ملخص**

يندرج إقليم كوردستان- العراق ضمن إطار وفقًا لمعايير تحديد الدول الريعية. وعلى مدى العشرين عامًا الماضية، خلق نظام الريع مشاكل كبيرة بين الشعب والسلطة من جهة، ومجتمعًا منخفض الإنتاجية يعتمد على النفط من جهة أخرى. في حال انخفاض الأسعار أو حدوث مشاكل سياسية بين أربيل وبغداد والجهات الفاعلة الإقليمية، يواجه النظام أزمة مستمرة. هذا جعل الشعب والسلطة السياسية يعيشان في حالة من عدم اليقين، عاجزين عن صياغة برامج استراتيجية وطويلة الأمد.

استمر العراق وإقليم كوردستان في تطبيق مبادئ وخصائص نظام الريع لسنوات طويلة، ويذهب المزيد من الموظفين إلى الموازنة العامة للدولة كل عام كما تتصرف أجهزة الدولة وكأن عائدات النفط وإنتاجه ستستمر إلى الأبد دون الاهتمام بتنويع المنتجات الاقتصادية الأخرى .ورغم تحقيق اقتصاد مستقل معتمد على النفط، فإن حكومة إقليم كوردستان مدينة بأكثر من 30 مليار دولار، ولم تتمكن من دفع رواتب موظفيها بالكامل وفق القانون من الإنتاج المحلي أو الحصول على إيرادات من مبيعات النفط في العراق كجزء من الميزانية. وهكذا نصل إلى نتيجة مفادها أن نظام الريع جلب البؤس والأزمات للإقليم ويجب عليه أن يعمل على تغير ونقل هذا النظام لتنويع المنتجات الاقتصادية والاهتمام بجباية الضرائب الراسخة والزراعة والثروة الحيوانية والسياحة والاستثمار والصناعة وغيرها من المجالات.

يقدم هذا البحث تعريف نظام الريع ومفهومه وخصائصه. ثم يتناول أهم العوامل التي أدت إلى نشوء هذا النظام، ويحدد آثاره على مجتمع إقليم كوردستان ونظامه السياسي، ويختتم ببعض الاستنتاجات والمقترحات لتغييره.